# ليبيا داگيركرا يان رزگار كرا؟!

# قەزافی دژی داگیرکەران بوو یان گەلەکەی؟..

**بەختیار مام حەمید**

**"کورد، ئەو گەلەی هەمیشە پشت لە دۆستەکانی دەکات بۆ دوژمنەکانی"**

هەر چەندە کێشەی گەندەڵی و هەژاری و کرێچێتی و قەیرانی ئابووری لە لیبیادا بە بەراورد لەتەك وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی ئەرزو ئاسمانی جیاوازەو لیبیا کەمترین کێشەی هەبووەو لە زۆر وڵاتیش ژیان تێیدا ئاساییتر بووە،بەڵام دواجار بە بەرنامەی دوژمنەکانی قەزافی و لیبیاو بەسودوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژی ١٧-٢-٢٠١١ خۆپیشاندان لە لیبیا لە شاری بەنغازییەوە لە دژی سەرهەنگ موعەمەر قەزافی دەستی پێکرد،سەرەتا هەواڵەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە خودی قەزافی ئامادەیی دەربڕیوە کە بەشداریی خۆپیشاندانەکان بکات و لە ناو گەلەکەی خۆیدا باسی چاکسازیی بکات،چونکە سەرهەنگ قەزافی بە شۆڕش حوکمی گرتە دەست و خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی دەزانی،بەڵام زۆری نەبرد دەرکەوت ئەم خۆپیشاندانە هی گەل نیە بە تەنیا بەڵکو فیتی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی سەرمایەداریی و دوژمنەکانی قەزافییە!،لێرەدا قەزافی دژی گەل و هاوڵاتیانی خۆی نەوەستا بەڵکو دژی داگیرکەرانی لیبیا وەستا کە چەندین ساڵە ئاواتیان گرتنی لیبیاو بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانەکەیەی و نەوتە بێشومارەکەیەتی،بۆیە هەر زوو قەزافی دژی خۆپیشاندەران یان ڕوونتر بڵێین بەکرێگیراوان وەستایەوە،دوای ئەمە خۆپیشاندەران لە لایەن دوژمنەکانی قەزافییەوە پڕ چەك کران و هەر چەند هێزەکانی لیبیا خۆیان دەپاراست لە شەڕ بەڵام خۆپیشاندەران بە ناوی شۆڕشگێڕەوە دەستیان کردە شەڕە تەقە لە دژی هێزەکانی قەزافی،ئەمەش وای کرد هێزەکانی قەزافی دەست کراوە بن بۆ تەقەکردن لە داردەستەکانی ئەمریکاو ناتۆ،زۆر سەیر بوو خۆپشاندەران ئەم هەموو چەکە قورس و گرنگانەیان لە کوێ هێنا؟کێ فێری تەقاندنی کردن؟کێ ڕاهێنان و تەدریبی شەڕو تاکتیکی فێر کردن؟چۆن وا زوو دەستیان بە کوشتنی هێزەکانی سوپای لیبیاو تەنانەت هاوڵاتییە مەدەنییە لایەنگرەکانی قەزافی کرد؟باشە گەلی کورد لە هەر ٥ پارچەی کوردستان سەدان ساڵە خەبات دەکات و شۆڕش دەکات بۆ سەرناکەوێت؟چزوو شۆڕشگێڕانی ئەمریکاپەروەری لیبیا وا سەرکەوتن؟دواتر دۆخەکە تێکچوو لە بەر خاتری (نەوت)ەکەو بۆ ڕوخانی تاکە دەسەڵاتی دژبەری سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بە ناوی ئەوەی کە قەزافی گەل کۆکوژ دەکات و خەریکی

تاوانی مەزنە،ناتۆ بە نوێنەرایەتی ئاغاكانی و گوایە بە قسەی نەتەوەیەكگرتووەكان و ئەنجمەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بە هێزو فرۆكە ڕاستەوخۆ بەشداری ڕەوشەكە بوو،دەستی بە باراندنی ڕەحمەتی چەكە قورسەكانی كرد بەسەر هێزو خەڵكی لیبیادا كە لە بۆردومانەكاندا دەستی لە مەدەنی و پیرو گەنج و ژن نەدەپاراست و چی بەر بكەوتبا دەیسوتاند،تەنانەت بیزانیایە هەر گەڕەك و گوندێك لایەنگری قەزافیین ئەوا قەتڵوعامی دەكردن،وەك ڕووداوەكەی ٩-٨ كە ٨٥ هاوڵاتی مەدەنی لە گوندێكدا بە هۆی بۆردومانی (ناتۆ)وە كوژران،و ڕووداوەكانی ناو شاری تەرابلوس و سەدان كوشتوكوشتاری دیكە،لە هەر جێگەیەك نوزەیەك یان دەنگێگ وەك پشتگیریی قەزافی دەركەوتایە دەبووە ئامانجی فرۆكەكانی (ناتۆ) و بەم جۆرە خەڵك نەیدەوێرا پشتگیری لە سەركردەی خۆشەویستی شۆڕش بكەن،بۆیە ئەمریكاو ئەوانەی لە ئەورووپا دژی قەزافی بوون دەیانوت ئەوەتا قەزافی شەرعیەتی لە دەستداوەو خەڵك دەكوژێت و كەسیش لە وڵاتەكەیدا لەگەڵی نەماوە،بۆیە پێویستە هەمووان دژی ئەم دیكتاتۆرە بین،بەم بۆنەیەوە زۆرێك لە وڵاتان بوونە دوژمنی قەزافی و هەمووان سەرزەنشتیان دەكرد،

لە بەریتانیا بە هۆی كوشتنی گەنجێكەوە جامی خەڵك لە گەندەڵی پڕ بوو خۆپیشاندان دەستی پێكرد،ئەگەر توندو تیژی و زەبرو زەنگ بەكار نەهێنرایە ئەوا بێكومان حكومەت دەڕوخا،ئەوەی لە بەریتانیا بە خۆپیشاندەران كرا هەر ئەوەش لە لیبیا كرا،لە بەریتانیان لە ماوەیەكی كەمدا بە ناوی دزو جەردەوە پتر لە ١٥ هەزار هاوڵاتی گیران لە كاتێكدا داوای مافی خۆیان دەكرد،تەنانەت دیڤد كامیرۆن هەڕەشەی هێنانی هێزی زیاتری بۆ ناو شارەكان دەكرد،سەدان كەس بریندار بوون بە دەستی پۆلیس،ئەوە خێر بوو ئەمەی بەریتانیا كردەوەی دژەمرۆیی نەبوو؟ ئەوە چۆن بوو نەوترا دیڤد شەرعیەتی لە دەستداوە؟ئەوەی خێر بوو ڕاگەیاندنی جیهانی پشتیان لەو ڕووداوانەی بەریتانیا كردو چوونە لیبیا؟ تەنانەت بە ڕاگەیاندی كوردییشەوە یەك كەس نەیووت خۆپیشاندەرانی ماف،بەڵكو دەوترا تێكدەرو دوكانبرە ڕەشپێستەكان؟بۆ ڕەشپێستەكان مرۆڤ نین؟خۆ ئەوانەی لە لیبیا شۆڕشیان بۆ ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی كرد ڕەشپێست بوون،نەخێر كێشە ڕەش و سپی و گەندەڵی و چاكسازی و دیكتاتۆریی نیە،بەڵكو كێشە فراوانكردنی سنوری دەسەڵاتی سەرمایەداری و ڕووخاندنی دژەكانێتی،كێشە بە كۆیلەكردنی مرۆڤە نەك ڕزگاركردنی،كێشە تەراتێنی سیاسیە نەك دیكتاتۆری،كێشە حوكمی چەندان ساڵە نیە بەڵكو حسابنەكردنە بۆ ئەمریكا،بە هەر حاڵ ئەوە ئێمەو لیبیای بێ قەزافی ئینجا بزانین چی ڕوو دەدات؟ئەوە ڕۆژهەڵاتی بێ قەزافی بۆ ئەمریكاو بازاڕەكانی ئەورووپاو ئەوەش مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دژبەری ئەمریكا بزانین چی دەبێت؟،ئەوە لیبیای بە ناو ڕزگار بوو،ئەوەش بزماری نوك تیژی ژەنگاویی سەرمایەداریی و ئەوەش چەكوشی ناوخۆیی!ئێمەش هیوامان وایە شتەكان وەك دەوترێن دەرچن نەك ڕوویەكی تر.!

ماوەتەوە بێژم زۆر بە داخەوە بۆ گەلی کوردی خۆمان کە موعەمەر قەزافی تاکە سەرۆك بوو لە هەموو جیهاندا دانی بە زووانی کوردیدا ناوپشتگیریی لە گەلی چەوساوەی کورد کرد لە کاتێکدا هەموو جیهان بە ئەمریکاو هەموو هاوپەیمانەکانی ناتۆشەوە دوژمنی کورد بوون،ئەو لە شۆرِشی ئەیلول و شۆرِشی نویَ و لە کاتی ئەنفال و لە رِاپەرِینی ١٩٩١و تەنانەت لە کاتی رِووخانی رِژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ پیشتگیری گەلەکەی ئێمەی کرد،هەموو ئەوانەی کە ئێستا دژی قەزافیین بە ئەمریکاو تورکیاو بەریتانیاوە تا سەر ئێسقان کاریان بۆ سرِینەوەی گەلی کورد دەکردو کوردیان وەك مرۆڤ سەیر نەدەکرد،دەبێت لە یادیشمان بێت تورکیای گەورە دوژمنی گەلی کورد بەشێکە لە هاوپەیمانیی (ناتۆ)،پاشان ئەوانەی وا ئێستا لە رِاگەیاندنی کوردییشەوە هاوشێوەی میدیای جیهانی وەك شۆرِشگێرِ دەناسرێن،کەی و لە کویَ و بە چ جۆرێك بەرگرییان لە گەلە چەوساوەکەی ئێمە کردوە کە تا هەنووکەش پلانگێرِیی نێونەتەوەیی لەسەرەو وڵاتانی ئەمریکا،تورکیا،ئێران،ئێراق،سوریا بە نەخۆشییەکەیەوە لە پلاندان بۆ تواندنەوەی کورد،نازانم بۆ کورد دیکتاتۆریەتی قەزافی ترسناکە یان شەرِی هەمەلایەنەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان؟،نازانم قەزافی بۆ ئێمە باشە یان ئەو بەچکە ئەمریکییە لیبییانە؟!باشە ئەوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی هەموو شتێك رِەش دەبینن و بیَ ئەوەی بزانن چەکی (دیکتاتۆر) و چەمکی (شۆرِش) چ واتایەکیان هەیە دەکەونە سەروگوێی بابەتەکان،خۆ دەسەڵات بە قسەی خۆی سیاسەت دەکات و لە سیاسەت تێدەگات چۆنە قەزافی وەك دیکتاتۆرو تێکدەرەکان وەك شۆرِشگێرِ دەناسێنن؟باشە بۆ ئێمە (بەڵیَ) بۆ لە ناوبردنی قەزافی دەکەین لە کاتێکدا ئەو (نەخێر)ی بۆ لەناوبردنی ئێمە کرد؟!،پێویستە هەموو لایەنی رِووداوەکان ببینین و بزانین چی دەڵێین و چۆن دەدوێین،ئایا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی باشور بەهانەیەکیان بۆ دژایەتی قەزافی هەیە؟ وامان دانا هەردوو لا بەهانەی حوکمی چەندان ساڵەی قەزافییان هێنایەوە،باشە من لە کۆتاییدا لە هەمووان دەپرسم و خوازیاری وەڵامێکی دڵئاودەرم

(سەرۆکێك کە چەندین ساڵ حوکم بکات و دادپەروەر بێت و لە خزمەتی گەلدا بێت باشە،یان سەرۆکێك یەك رِۆژ حوکم بکات و ستەمکار و گەندەڵ بێت؟)

(دەسەڵاتی سەرمایەداریی هەموو شتێك دەکاتە قوربانی پارەو پارەش دەکاتە کۆتو بەن بۆ مرۆڤ!)

تێبینی:تکایە تەماشای ئەم لینکە بکەن و بزانن بەرِێز قەزافی چی لەسەر کورد دەڵێت،